# بانگەوازێك بە هیوای ئەوەی گوێڕابگیرێ لێی

**ئەلمانیا : جەمال نەبەز**

بۆ بەڕێزان

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و،

ئە نجومەنی وەزیرانی حکوومەتی کوردستان و،

کاربەدەستانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سلاڤ

جەماوەری سەربەرز و قوربانیدەری کەرکووك، لە خۆپێشاندانی چەندسەتهزاری ڕۆژی 7/28 یاندا و، بە بەخشینی گیان و خوێنی خۆیان سەلماندیان کە سەرەڕای هەموو بەشمەینەتی و ناهومێدی و پشتگوێخستنێکیان لە لایەن بەڕێوەبەرانی هەرێمی کوردستانەوە، هەستی هاونیشتمانێتی وپێوەنداریێتییان بە خاك و واری کوردستانەوە، وەك خۆی ماوە و، بگرە بە تینتریش بووە. بڕیاری ئە نجومەنی شاری کەرکووك لە ڕۆژی 7/31/ دا بۆ گێڕانەوەی کەرکووك بۆ هەرێمی باشووری کوردستان، بڕیارێکی بوێرانەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو شارە خۆشەویستە و، شە پازللەیەکی بە هێزیشە بۆ بناگوێی هەموو ئەوانەی خەریکی قومارکردنن بە جێ و نزرگەی باوەگوڕگوڕی پیرۆزەوە. ئەم خۆپێشاندانە دەبوو پێنج ساڵ لەمەوبەر بکرایە. لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا لە جێی خۆیایەتی. دەسا ئێوەش، تکایە بە زووترین کات، ڕۆژێك دەستنیشانبکەن بۆ وتووێژ ودەنگدان لە سەر ئەو بڕیارە مێژووییە و، کەرکووك بە شێوەیەکی دیوانی (ڕەسمی)، وەك ستانێکی دیکەی هەرێمی باشووری کوردستان وەربگرن.

خۆ ئەگەر بە پێویستیش زانرا، ئەوا کاتێکی نێزیك دابنێن بۆ گشتپرسییەك لە هەر سێ ستانەکەدا بۆ هێنانە دی بڕیارێکی بنجبڕ، بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە بە نرخە کە هەڵکەوتووە لە دەستنەچێ، وەك هەموو دەرفەتەکانی دی، کە نابەرپرسیارانە لە دەستدران و، ئەوجا کەرکووکیش بە شێوەیەکی دەستووری ودێمۆکراسی، بچێتەوە باوەشی گەرمی کوردستان، ئەو کوردستانەی کە وڵاتی کورد وهەموو ئەو نەتەوە ورەگەز وئاین وئاینزایانەیە کە لە سنووری جوگرافیایی ئەم نیشتمانەدا نیشتەجێن و، ودەبێ هەمووشیان لە خێر وبێری وڵاتەکەدا بەشداربن.

ڕامیارانی کورد، بە تایبەتی کاربەدەستانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، نابێ بە دەربڕینی وتەی تەمومژاوی و سەرلێشێوێنەرانە و، بەکارهێنانی وشەی دووفاق، گومان بە مەبەستی ڕاستینەی ئەو بڕیارە مەزنە لای خەلکی پەیدابکەن ومرداری بکەنەوە، بەلکو دەبێ بە پەلە وبابەتانە ولێبڕاوانە بیخەنەکایەی جێبەجێکردنەوە و، لە قوربانییەکانی کەرکووکیش بپرسنەوە، تاوانی ئەو تێرۆرە نەخەنە ئارشیڤەوە بۆ ڕاگرتنی دڵی داگیرکەران. چاوێکیش بگێڕنەوە بە هەڵوێستی پڕ لە هەڵە وکورتبینانەی خۆیاندا بەرامبەر هەموو جۆرە هەڤاڵبەندێتییەك کە هەتا ئێستە بەستوویانە، چ لە گەل ئەمریکا و دەولەتە زلهێزەکانی دی و، چ لە گەل داگیرکەرانی کوردستان و، چ لە گەڵ حیزبە شیعە و سوننیەکانی عێراق. ئەوەتا، ئەمریکا کە گوایە هەڤالبەندی ئەم دوو حیزبەیە، بە یەك وشە دەمی ناکاتەوە لە دژی بۆمبابارانکردنی باشووری کوردستان لە لایەن ڕژێمی ترك وفارسەوە و، هەڵوێستیشی بەرامبەر کێشەی کەرکووك وخەلکی باکووری کوردستان، وەك

هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستانە و، هەڵوێستی شیعە و سوننەکانیش لە پەرلەمانەکەیاندا، ڕۆن وئاشکرایە. بێجگە لەوەش، ئەمریکا دەیەوێ مەشق بە لەشکری عێراق بکات و، بایی دە ملیارد دۆلار چەك بەم لەشکرە بفرۆشێ، ئەوجا بای بای لە عێراق بکات، بۆ ئەوەی ئەم لەشکرە جارەکی دی ئەنفال لە خەلکی کوردستان بکاتەوە. سەرەتاکەشی ئەوەتا دەرکەوتووە کە دەیانەوێ لەشکر بنێرنە کەرکووك. خۆ ئەگەر ئەوە سەریگرت بۆیان، ئەوسا بۆ هەولێر وسلیمانیش "خوا کەریمە".

بەڕێزینە: ئەوەی ئەوڕۆ بە سەر کورد وخەلکی کوردستان دێ، سالآنێك لە مەوبەر هێنامە بەر چاوتان و پێتا نمگوت کە ئەمریکا وزلهێزەکان برای باوکی کەس نین و، هەر لە بەرژەوەندیی ماکی (مادی) خۆیان دەگەڕێن و، نابێ باوەڕ بکرێ پێیان، هەروەها گوتم پشت بە دەستووری ولآتێك نابەسترێ، کە گەلەکەی فێرنە بووبێ ڕێز لە دەستوور بگرێ. بەلآم ئێوە، بێ چاوێنی بن، گوێ نادەنە قسەی کەس و، لە هەڵەیەکەوە دەچن بۆ هەڵەیەکی دی. گەورەترین هەڵەتان ئەوە بوو عێراقی داتە پیوتان جارەکی دی و بێ هیچ هەل و مەرجێك دروستکردەوە. پێداگیریی ئەوەتان نەکرد، کە دەوڵەتی عێراق و، دەوڵەتە عەرەبەکانی "کۆگەی عەرەبی" دانبنێن بە گەلکوژیی لە کورددا. کە نووری مالیکی هاوپەیمانتان هاتە بەرلین ولە بەر دەمی ڕەهەند (جالیە)ی عێراقدا قسەیکرد، بەیەك وشە نێوی هەڵە بجە وگەلکوژیی لە کورد نەهانی وتەنانەت وشەی کوردستانیشی بە دەمدا نەهات، ئەگەرچی وەزیرەکەتان هۆشیار زێباری لەو شوێنەدا ئامادەبوو، ئێستەش بێ باکانە داوای بە هێز کردنی نێوەند و لاوازکردنی هەرێمەکان دەکات. لە بەر ئەوە پێویستە ڕێنەدرێ پێی و، ئەگەر لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کێشەی کەرکووك ونێوچە داگیرکراوەکانی یەکسەرەنەکردەوە، دەبێ حکوومەتەکەی بڕووخێنرێ. بە ڕاستی کورد تاقەتی ئەوەی نەماوە بۆ هەزار ویەك جار کۆپانەکەی دەجاڵ بدووڕێتەوە. پەیماننامەی نێوان ئەمریکا وعێراقیش دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، نەبا ببێتە "سەعدئاباد"ێکی دی.

ڕەشە کوژیی لە ژنان ودەسدرێژیی بۆ سەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان و هەڕەشەکردن لە نووسەران و ڕۆشنبیران ورەخنەگران، بە داخەوە، هەموو سنوورێکی بەزاندووە. حکوومەتی کوردستان و بەڕێوەبەرانی هەرێم بەرپرسیارن لە پاراستنی سەرومالی هاوولآتان. شەرم وشوورەییە ئەگەر فەرمانی سەرشانی خۆیان بەجێنەهێنن. دەشێ خەلکی کوردستان وا پەروەردەبکەن، کە لە مانای ڕاستینەی ڕۆمەت (شەرەف) بگەن و، بزانن هیچ پیاوێك بە کوشتنی ژن نابێتە خاوەن "شەرەف"، بەلکو شەرەف تایبەتکارێکی مرۆڤی ئازادە. وەرامی نووسینیش هەر بە نووسین دەدرێتەوە، نەك بە چەقۆ وگوللە. بە کوشتنی نووسەرێك، یان ڕۆژنامەوانێك، کارکردی نووسینەکەی هەر دەمێنێ و لە نێو ناچێ، بەلآم دوورنییە وەرامێکی بابەتانە و ڕێکوپێك، تەزووی نووسینەکەی نەهێڵێ یان خاوییکاتەوە. عبدولخالیق مەعرووف وسۆرانی مامە حەمە، دوو نووسەر بوون کە بە لەش کوژران، بەلآم نووسینەکانیان زیندوون وپتر لە جاران دەخوێندرێنەوە. ئەوەی خومەینی بە فتواکەی لە دژی سەلمان روشدی توانی بیکات، ئەوەبوو سەلمان روشدی لە نووسەرێکی نە ناسراوەوە کرد بە خاوەن نێوبانگێکی جیهانی وهێندە لە پەرتۆکەکەی فرۆشرا، ئێستە بووە بە ملوێنێر وچەند مدالیاییەکیشی پێبەخشراوە. ئێدی تێبگەن... پێشینان گوتوویانە: "ئەو کەسە کەسە، کە ئەلفێکی بەسە".

بەرلین 2008/8/2

www.jemalnebez.com